# چینی ناوەڕاست .. بزوێنەری سەرەکی ئابووری و گۆڕانکارییەکان

■ چاکسازی و گۆڕان لە واقیعی ئابووری کوردستان جێگای وتووێژو قسەکردنی ژمارەیەکی بەرچاوی شارەزایانی ئابووری و پســپۆڕانی بوارە جۆراوجۆرەکان بوو، گفتوگۆکردن لە سـەر واقیعی ئابووری و چۆنیەتی ســـوود وەرگرتنی لە ئەزموونی گەلان و وڵاتانی پێشکەوتوو، کە لە قۆناغە نزیکەکاندا توانییان هەنگاو بــەرەو بنیادنانی دیموکراتی و ئابــووری بازاڕ بنێن، ســەرەتای ڕێگایە بۆ ســود وەرگرتن لە ئەزموون و شارەزایی ئەوان ..

لە راپۆرتــە نێودەوڵەتییەکاندا عێراق لــە ریزبەندی دووەم و سێیەمی وڵاتانی گەندەڵکار و ناشەفاف ناوی هات، حوکمڕانی ئەمڕۆی عێراق و جەنگی دژبە تیرۆر لە پاڵ نەهامەتییەکانی بەجێ ماوی نیزامە شـــۆڤێنی و عەسکەرتارییەکان واقیعێکی وای دروستکردووە، کە گۆڕان کارێکی ئاسان نەبێت، بگرە داهاتی تاکە کەســـی هێنایە سەر نزمترین ئاســـت و چوارچێوەی هـــەژاری و بێکاری و خراپی خزمەتگوزارییەکانی فراوانتر کرد.

ئەم بارودۆخە کاریگەری خراپی لەســـەر چینی ناوەراســـت دروســـت کرد، ئەو چینەی کە خەســـڵەت و ســـیمای هێرش بەرانەی هەیەو بزۆینەری ســـەرەکی گۆڕانکارییەکانە، داهێنان و نیشتمانپەروەری و کارو فەرهەنگی نوێ لەلای ئەو چینەی ناوەڕاستە، کە ئێستا هەڕەشەی لەناوبردنی لێدەکرێت.

• جی جفری لەندیمێر- پسپۆری دارایی و شارەزا لە بواری چاکســـازی و مەشـــق و راهێنان، ناوبراو ١٢ ساڵ لەیەکێتی سۆفیتی پێشوو وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات کاریکردووە .

• ســـتیفن ڤـــی دی ئەنجەلیس ســـەرۆکی جێبە جێکاری سەنتەری واشـــنتۆن بۆ کارگوزاری( ئێنترا )، کە لە جیهاندا خاوەنـــی ئەزموونێکی چاکە بـــۆ کاری وەبەرهێنانی بیانی و ناساندنی هەرێمەکان و پێدانی راوێژکاری ئابووری .

گرنگی چینی ناوەراست بۆ ئابووری و سەرجەم بوارەکانی تر لەوەدایە، چینی ناوەڕاست خەسڵەتێکی هێرش بەرانەی هەیە و، خۆی لە سەرجەم بوارەکان دەدات و داهێنان و گۆڕانکاری ئەنجام دەدات.■

●●●
**ویستی گۆڕانکاری لە کوردستان زیاترە، ئەم گۆڕانکارییەش بۆ بەهێزکردنی چینی ناوەراست گرنکە**
●●●




●●●
**حوکمڕانی ئەمڕۆی عێراق و جەنگی دژبە تیرور کاریگەری خراپی لەسەر چینی ناوەراست دروست کرد، ئەو چینەی کە خەسڵەت و سیمای هێرش بەرانەی هەیەو بزۆینەری سەرەکی گۆڕانکارییەکانە**
●●●

**جی جفری لەندیمێر پاسپۆری دارایی و شارەزا لە بواری چاكسازی و مەشق و راهێنان (تایبەت بە گوڵان):**

# لە كوردستان هەلی سەركەوتنی پرۆسەی چاكسازی زیاترە، چونكە چینی ناوەراست ویستی گۆڕانی هەیە



■ جی جفری لەندیمێر پسپۆری دارایی و ژمێریاری، شارەزا لە بوارەكانی (چاكسازی ژمێریاری و دارایی، جێبەجێكردنی بودجە، قەرزی بانكی، راهێنان و مەشق پێكردن لە پلانی بازرگانی)، ناوبراو بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات و یەكێتی سۆڤێتی پێشوو كاریكردووە، بۆیە شارەزایی لە قۆناغەكانی چاكسازی و گۆڕان بەرەو بنیادنانی دیموكراتییەت و ئاوەدانكردنەوەو بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری هەیە.■

رەسیدی گەورەی عێراق بەگشتی چینی ناوەراستەو بوژانەوەی ئەم چینەش كلیلی دەربازبوونە لە زۆربەی گیروگرفتەكان

جی جفری لەندیمێر : **بۆسنە جوانترین نمونەیە بۆ قسەكردن و باسكردنی گواستنەوەی ئابووری لە نزام و سیستەمێكی دواكەوتووەوە بەرەو نزامێكی ئابووری و كۆمەڵایەتی پێشكەوتوو**، واتە لە حكومڕانییەكی ناوەندییەوە بۆ حوكمڕانییەكی نامەركەزییەت، بوونی پانتاییەكی بچوك و كۆمەڵگایەكی ئاسایی، گەر بەراورد بكرێت بە یەكێتی سۆفێتی پێشوو یارمەتی بۆسنەییەكانی دا بۆ جێبەجێكردنی ریفۆرم، بەڵام بۆسنەیی ویستی گۆڕانی تێدا بووە، بۆ ئەمەش لەو وڵاتەدا شەفافییەت و حوكمڕانی دیموكراتییەت بوونی هەیە، بەمەش كۆمەڵگای بۆسنەیی توانی شەفافییەت بدات بە زانیاری و داتا و ئامارەكان . لە پرۆسەی گۆڕاندا بۆسنەییەكان تەركیزیان خستە سەر بوارێكی تری گرنگ، ئەویش پەرەپێدانی تواناو بەهرەكانە لەناو كەسەكان دا،

دامەزراندن و بنیادنانی تواناو دەوڵەمەندكردنی سەرمایەی مەعریفی بۆ هەموو تاكەكانی ناو كۆمەڵگا پێویستە، بەتایبەتی دامەزراندن و بەهێزكردنی ئاستی مەعریفی كارمەندانی حكومی، من پێم باشە ئەم مەشق و راهێنانە لە بەرپرس و فەرمانبەرە باڵاكانەوە دەست پێ بكەین، بۆ ئێوەی كوردیش لە حكومەتی هەرێمی كوردستان پێگەیاندنی بەهرەكان پێویستە، چونكە هۆكاری سەرەكی دواكەوتنی زۆربەی بوارەكانی ئەمڕۆی كوردستان بۆ لاوازی ئاستی تواناكان دەگەڕێتەوە، یارمەتی دەرەكی بۆ سود وەرگرتن لە خولەكانی مەشق و راهێنان كارێكی زەرووره، ئەمەش بۆ خێرا ئەنجامدانی پرۆسەی پێگەیاندنی تواناكان كە بۆ ئەنجامدانی چاكسازی پێویستە، كە لە پاڵ كۆمەڵێك هۆكاری تردا وایكردووە ئاستی توانای تاكی كورد بە تایبەتی لە لای چینی ناوەراست لاواز بێت، ئەو چینەی كە من پێم وایە لە باشترین خەسڵەتەكانی واقیعی ئابووری عێراق و كۆمەڵگای كوردستانییە .

عێراق تاكو ئێستا لە قۆناغی جەنگ دایە، شەڕی دژ بە تیرۆر و ناسەقامگیری سیاسی واقیعی ئەمڕۆی ئابووری و گۆڕەپانی عێراقە، گەرچی لە كوردستان بارودۆخەكە ئارامە، بەڵام كاریگەری لەسەر هەرێمی كوردستانیش هەیە، رەنگە لە كوردستان فرسەتەكانی گۆڕانكاری و پێشكەوتن زیاتر بێت بەو پێیەی لێرە ئارامی و سەقامگیری سیاسی هەیە و ویستی زۆرینە بۆ گۆڕان و پێشكەوتن زۆرە، ئەمەش هەلی بەگەڕخستنی بۆ وەبەرهێنان زیاتر كردووە، ویستی گۆڕانكاری لە كوردستان زیاترە، ئەم گۆڕانكارییەش بۆ بەهێزكردنی چینی ناوەڕاست گرنكە..

لە هەرێمی كوردستان زۆر گرفت و كێشە هەیە، كە بیزنسمان و كۆمپانیاكان بە گرنگییەوە بۆی دەڕوانن، پەیوەندی نێوان مەركەزی بەغداو هەرێمی كوردستان یەكلایی نەكراوەتەوە، بەغدا بە مەركەزییەت ماوەو سیماو روخساری نەگۆڕاوە، پەیوەندییەكانیش هێشتا ئاڵۆزی پێوەدیارە لە نێوان ئەمەریكاو بەغدا لە لایەك و لەلایەك پەیوەندییەكانی كوردستان لەگەڵ هەریەك لە ئەمەریكا و بەغدا..

لێرەدا كۆمەڵێك پرسیار دێتە ئاراوە لەوانە : تاچەند بۆ كوردستان سەربەخۆیی ئابووری كاری بێ دەكرێت ؟ ئایا فرسەتەكانی گواستنەوەی ئابووری كوردستان دەستەبەرە ؟ لە وڵاتێكی وەكو عێراق ئاستی پەیوەندییەكان یارمەتیدەری پێشخستنی ئابوورییە ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە قسە لەسەر ناوەندو چوارچێوەی دەسەڵاتەكان بكەین، ناكرێت لە ناوەند بودجە دامەزرێت و بۆ كوردستان و پاشان بۆ پارێزگاكان ببرێت، بەڵكو بە پێچەوانەوە پێویستەبودجە لە پارێزگاكانەوە بۆ سەنتەر بڕوات، كۆنترۆڵكردنی گەندەڵی و بەدەستهێنانی زانیاری و داتا لە رێگای شەفافییەتەوە لە پارێزگاكانەوە جێبەجێ دەكرێت.

**گەشەسەندنی چینی ناوەراست بەستراوەتەوە بە پێشحستنی ئاستی وەبەرهێنان و زیاد كردنی هەلی كاركردن و داپینكردنی خزمەتگوزاری**

لێرەوە هەوڵی پێگەیاندن و دەربازبوون لە چوارچێوە داخراوەکانی گرفتە ئابوورییەکان دەدرێت و، تواناکان دەوڵەمەند و بەهێز دەکرێن، نەك تەنیا لایەنی مەعریفی بگرە توانایی دارایی و بەرزکردنەوەی ئاستی داهات و باشترکردنی ئاستی بژێویش دەکرێتەوە، ئەمە کاریگەری لەسەر چینی ناوەراست هەیە، من پێم وایە رەسیدی گەورەی عێراق بەگشتی چینی ناوەراستەو بوژانەوەی ئەم چینەش کلیلی دەربازبوونە لە زۆربەی گیروگرفتەکان، راستە لە ئاکامی بارودۆخەکەی پێشترو ئێستا بوونی ئەم چینە لاوازەو کاریگەری کەمە، بەڵام بوونی ماوەو گەر بەراورد بکرێت بە داهاتوو گەورەتر دەبێت . گرنگی چینی ناوەراست بۆ ئابووری و سەرجەم بوارەکانی تر لەوەدایە، چینی ناوەراست خەسڵەتێکی هێرش بەرانەی هەیە و، خۆی لە سەرجەم بوارەکان دەدات و داهێنان و گۆڕانکاری ئەنجام دەدات، من پێچەوانەی ئەو بۆچوونەم کە دەڵێت چینی ناوەراست لە عێراق لاوازە، لە سەرجەم گەلانی جیهان ئەم چینە گلەیی لاوازی و نزمی ئاستی داهاتی دەکات، بەڵام رۆڵ و توانایی بەهێزی هەیە، چینی ناوەراستی عێراق هەمان خەباتی چینەکانی تری دنیا دەکات، بەڵام بە لاوازتر بەو پێیەی داهاتەکەی زۆر نزمەو بارودۆخەکە نائارام ناسەقامگیرە، گرنگ لێرەدا ئەوەیە چۆن هەنگاو بەرەو پێشخستنی چینی ناوەراست بدەین؟

گەشەسەندنی چینی ناوەراست بەستراوەتەوە بە پێشحستنی ئاستی وەبەرهێنان و زیاد کردنی هەلی کارکردن و دابینکردنی خزمەتگواری، کە هاوکات بێت لەگەڵ هەوڵەکانی دەستەبەرکردنی شەفافییەت و چەسپاندنی دادوەری، لە لایەکی تر ناکرێت چینی ناوەراست چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکان بێت بەڵکو مەرجە توانایی و بەهرەیی خۆی پێشبخات.

رەسیدی گەورەی عێراق بەگشتی چینی ناوەراستەو بوژانەوەی ئەم چینەش کلیلی دەربازبوونە لە زۆربەی گیروگرفتەکان

لە پرۆسەی گۆڕاندا بۆسنەییەکان تەرکیزیان خستە سەر بوارێکی تری گرنگ، ئەویش پەرەپێدانی تواناو بەهرەکانە لەناو کەسەکان دا

**ستیفن ڤی دی ئەنجەلیس - سەرۆکی جێبەجێکاری سەنتەری واشنتۆن بۆ کارگوزاری، (ئێنترا) لە جیهاندا خاوەنی ئەزموونێکی چاکە بۆ کاری وەبەرهێنانی بیانی تایبەت بە گوڵان**



# بوونی چینی ناوەڕاست لە کوردستان زۆر گرنگە

ستیفن شارەزاییەکی باشی لە کاری راوێژکاری و پێدانی ئامۆژکاری بازرگانی و ئابووری هەیە، ناوبراو لەگەڵ شاندێکی ئابووری و شارەزایانی ئابووری سەردانی کوردستانیان کردووە، بەمەبەستی دامەزراندنی سەنتەرێکی کارگوزاری لە هەولێر، تاوەکو لە رێگای ئەم بنکەیەوە، وەبەرهێنانی بیانی لە وڵاتانی پێشکەوتوو بهێنن بۆ کوردستان و، ئاستی وەبەرهێنانی بیانی زیاد بکەن، فایلی ئابووری گوڵان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ستیفان ئەنجامداو چەند پرسیارێکی سەبارەت بە چینی ناوەراست و چۆنیەتی هەڵسانەوەی ئەم چینە لەگەڵ بەرێزیان سازدا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە وەبەرهێنانی بیانییەوە هەیە کە ناوبراو پێی وایە)) بێ بەدەستهێنانی سەرمایەو فراوانکردنی وەبەرهێنان فرسەتەکانی پێگەیاندنی چینی ناوەراست زەحمەتە، هەر گۆڕانکاری و وەبەرهێنانێك ئەنجام بدرێت پێویستە چینی ناوەراست حسابی بۆ بکرێت، بۆیە بە بڕوای من بوونی چینی ناوەڕاست لە کوردستان زۆر گرنگە، بە هێزکردن و یارمەتی دانی چینی ناوەراستیش لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکان دێت. راکێشانی گەورە کۆمپانیاکانی ئەمەریکاو ئەوروپا بۆ کوردستان و خستنە گەڕی سەرمایەو زیاد کردنی داهات و بەدەستهێنانی کاری باشترو نوێ، لە خزمەتی هاوڵاتییانی کوردستان دایە.

تاوەکو بنکەو سەنتەری راوێژکاری و خزمەتگوزاریش لە کوردستان دانەمەزرێت، زەحمەتە گەورە کۆمپانیاکانی کیشوەری ئەمەریکاو بگرە کۆمپانیاکانی ئەوروپا بەپێی خواست و ویستی ئێمە تەواجودیان لە کوردستان هەبێت، کۆمپانیاکانی ئەمەریکا وادەزانێت هەرێمی کوردستان وەکو عێراق ناسەقامگیرو نا ئارامە، لە کاتێك دا بارودۆخی کوردستان لە بارە بۆ بەگەرخستنی سەرمایەگوزاری و بەدەستهێنانی فرسەت و هەلی کارکردن، بەمەبەستی ناساندنی کوردستان و گیاندنی ئەم واقیعەی ئابووری و ئەمنی کوردستان سەنتەرێك دروست دەکەین، تاوەکو لەڕێگای ئەم سەنتەرەوە هانی وەبەرهێنانی بیانی بدەین رووبکەنە کوردستان و ن لەبوارەکانی (کشتوکاڵ، وزە، بانك، دڵنیایی، پەروەردە، تەندروستی، پیشەسازی و چەندین بواری تر کاربکەن..

- کۆمپانیاکانی ئەمەریکا وادەزانێت هەرێمی کوردستان وەکو عێراق ناسەقامگیرو نائارامە، لە کاتێك دا بارودۆخی کوردستان لە بارە بۆ بەگەرخستنی سەرمایەگوزاری و بەدەستهێنانی فرسەت و هەلی کارکردن.